لیۆنێل میسی کەم دەدوێت و دەیەوێت تۆپی پێ قسە بکات

بەخێرایی هەورە تریشقە، مندالێکی نەخۆشی ئەرجەنتینی بوە ئەستێرەی تۆپی پێ لەجیهاندا

ئێستا لیۆنێل میسی ئەو یاریزانەیە کە هەرگیز لەروبەڕووبونەوەی یانەو هەڵبژاردەکانی بەرامبەری ناترسێت، خاوەنی پشوێکی درێژو هونەرێکی باڵایە، ئەگەرچی لە تەمەندا بچوکە.

میسی لە ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ لە شاری روساریۆ، لەدایك بووە، لە تەمەنی ٥ ساڵیدا دەستی کردووە بەیاریکردن و پاشان چۆتە یەکێك لە یانەکانی وڵاتەکەی بەناوی (گراندۆلی)، ئینجا لەسەر داوای باوکی پەیوەندی کردووە بە تیپی نیولیز پۆلد بویز، کەپێشتر برا گەورەکەی (رۆدریگۆ) یاری تێدا دەکرد، تا گەیشتە ئەو ئاستەی یانەیەکی وەك (دیفربلیت) هەوڵی دەستەبەرکردنی بدات. دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتە ١١ ساڵ، دەرکەوت کە نەخۆشیەك لە هۆرمۆنەکانیدا هەیەو گەشەی جەستەیی ناکات و خێزانەکەشی توانای چارەسەر کردنیان نەبوو، بۆیە بڕیاریاندا لەرێگەی دۆست و ناسیاوەکانی باوکی لە کەتەلۆنیا، بە یەکجاری بچنە ئەوێ، لەوێش توانی سەرنجی یانەی بەناوبانگی ئیسپانی بەرشەلۆنە رابکێشێت و ئەمەش وایکرد، خەرجی چارەکردنەکەی بگرنە ئەستۆی خۆیان، ئەوەبوو لە یەکەم دەرکەوتنیدا بە درێسی بەرشەلۆنە ئاستێکی بەرزی پیشانداو لەو یاریەدا پێنج گۆڵ تۆمار کران، هەر بۆیەش فرانك رێکاردی راهێنەر گرنگی زیاتری پێداو خستیە پێکهاتەی سەرەکی یانەکەی، هەر بۆیەش میسی خاوەنی وەفایەکی گەورەیە بەرامبەر یانەکەی و بڕیاریداوە کەوتنە باسکردنی ئەو ئەستێرەیەو لەوانەش راهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی کۆلۆمبیا لەبارەیەوە دەڵێت: هەموو هەڵبژاردەکانی بەشداربووی پاڵەوانێتی جیهانی لاوان، ئاستیان جێی نەهێڵێت،، بەتایبەت کە ئەو راستیە دەزانێت، کە ئەوان خەرجی نەشتەرگەریەکەیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان و باڵای لە ١٤٠ سم ەوە بۆتە ١٧٠ سم، باوکیشی هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت لە بەرشەلۆنە بمێنێتەوە.

دوای ئەو سەرکەوتنە بەرچاوانەی میسی لەلایەن هەڵبژاردەی وڵاتەکەیەوە داواکرایەوەو لەپێکهاتەی سەرەکی ئەرجەنتینیدا چەندین یاری گرنگی ئەنجام داو سەرکەوتنی باشی بە دەستهێنا، بۆیەش شارەزایانی بواری وەرزش ئەمەش وایکردووە، ئاستی ئەوان زۆر بەرزتر بێت، ئەو جیاوازیەش کاتێك بە تەواوی دەرکەوت، کە هەڵبژاردەی لاوانی ئەرجەنتین سەرکەوتنی لە پاڵەوانێتیەکە بەدەستێهێناو میسی تۆپی زێڕینی پێبەخشراو پاشان بوە خاوەنی خەڵاتی پێڵاوی زێڕ، بۆیەش خۆی دانی نا بەوەی کە بەشێوەیەکی خێرا گەشەی کردووەو شانازیش دەکات بەوەی بەراوردی لەگەڵ مارادۆنا پێدەکرێت، هەروەها پابلۆ سیزار ئەیماری یاریزانی ئەرجەنتینی بە پێشەنگی خۆی دەزانێ و تا ئێستا دوو درێسی لەگەڵ گۆڕیوەتەوەو لەبارەیەوە دەڵێت: ئەیمار یاریزانێکی گەورەیەو هەمیشە سەرنجی دەدەم و لە جو ڵە کا نی و ر د دەبمەوە.

لەیەکەوە نزیکە، جیاوازی ئەرجەنتین تەنیا ئەوەیە، ئەوان خاوەنی یاریزانێکی بەهێزن کە (میسی)ەو میسی کەم قسە دەکات و بێدەنگە، دەیەوێت تۆپی پێ لەجیاتی ئەو بێتە دوان.

وەرزشەوانێکی رانیەیی دەچێتەوە سەر کاکای بەرازیلی

ناوی (کاکا)یەو شێوەی لە (کاکا) دەچێت و بە (کاکا) سەرسامە

ئا: لێدوان

کاکا خدر ئیبراهیم لەدایکبووی ساڵی (١٩٨٩)یەو لە تیپی لاوانی کێوەرەشی سەر بە سەنتەری چاڵاکی گەنجانی رانیە یاری دەکات، یەکێکە لەو یاریزانانەی کە رۆلێکی باش دەبینێت لە سەرکەوتنەکانی تیپەکەی و نزیکەی (٢٠) گۆڵی بۆ تیپەکەی تۆمار کردووەو لە پاڵەوانێتی تیپە پلە دووەکان، کە تیپەکەی تێیدا سەرکەوت بۆ پلە یەك، (١٢) گۆڵی تۆمار کرد، کاکا بە یاریزانان کاکاو بێکهام سەرسامەو هاندەری بەرازیل و ئینگلتەرایە، ئەو سوپاسی راهێنەرەکەی (ئاراز عەبدوڵڵا) دەکات، کە هاوکاری کردووە، ئەوەی ماوەتەوە بوترێت، کاك خاوەنی رەوشتێکی بەرزە لە یاریکردن و هیچ کاتێك گرفتی نەبوە لەناو گۆڕەپاندا، چونکە پێی وایە رەوشت لەسەروو بردنەوەوەیە.

یانەی بەرشەلۆنە رووبەڕوی گلەیی هاندەرانی دەبێتەوە

ئا: لێدوان

دوا بەدوای دۆراندنی یانەی بەرشەلۆنە بە یانەی خیتافی بە ئەنجامی دوو گۆڵ بە هیچ هاندەرانی بەرشەلۆنە گلەیی توندیان لە راهێنەری یانەی بەرشەلۆنە (ریکارد) هەیە چونکە نەیتوانی نەخشەی دانانی یاریزانەکان بەشێوەیەکی سەرکەتوو دابرێژێت ئەمەش وای کرد یاریزانەکانی خیتافی سوود لەو نەخشە لاوازەی ریکارد وەربگرن و سێ خاڵی گرنگ لەسەر حسابی بەرشەلۆنە دەستەبەر بکەن جێگای ئاماژەیە خوان لاپۆرتە سەرۆکی یانەی بەرشەلۆنە هەمان گلەیی لە راهێنەری یانەکەیان هەبوو کە نەیتوانی بە ئاستێکی باش نەخشەی یاریەکە دابرێژێت ئەوەی ماوە بگوترێت لە شاری رانیەدا یانەی بەرشەلۆنە هاندەرێکی زۆر و فراوانی هەیە بەردەوام سەرنج لە یاری و ئەنجامی ئەو یانەیە دەدەن

زانستی کۆمپیوتەر

ئایە ئەو فایلانەی ڕەشیان دەکەیەوە لە کۆمپیوتەرەکەت دەچنە کوێ

ئا: ئاودێر جەمال

زۆر کات پرسیاری ئەوە دەکەین کە ئایا ئەو فایلە زیادانەی کە لە کۆمپیوتەرەکەماندا ڕەشیان دەکەینەوە، لە بنەڕەتدا دەسڕێنەوە یاخود دەمێنەوە؟ سەرەتا دەبێت بزانین ئایا جۆری کۆمپیوتەرەکەمان دەتوانێت ئەو شوێنانە بناسێتەوە کە زانیاری پرۆگرامەکانیان تێدایە؟

ئاشکرایە هارددیسك لەبەشی پێکهاتەی ناوەکیدا پێك هاتوە لەچەند سیدیەك لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا، مادەی موگناتیسی بەشێکە لەپێکهاتەی هاردەکە، هەر فایلێك کە هەڵیدەگرێت لەهاردەکەدا جێگیر دەبێت، لەناوچەیەکی موگناتیسی لەناو هاردەکە هەموو ئەو بەشەی کە فایلەکانی تێداهەڵگیراوە پێی دەڵێن گۆشە، یاخود ناوچە. هەموو ناوچەیەك یان گۆشەیەك دەتوانرێت Bytes تێدا هەڵبگیرێت و لە ئەنجامی رێکخستنی هەڵگیراوی فایل لەناوچەکان بە پێیBytes کە دەگاتە کۆی ناوچەکانو دەگوترێت Clusters کە ئەوانە لەریزبەندی فایلەکان دەبن Tracks لەو کاتەدا کۆمپیوتەر دەتوانێت هەڵبسێت بە ناسینەوی شوێنی فایلەکانو قەبارەیان، ئەوەش لەرێگای Directory Track. ، ئەگەرلە کۆمپیوتەرەکەتدا پرۆگرامت هەیە قەبارەی گەورەیە واتا بایتەکانی لە هاردەکەتدا بەشێوەیەکی ریزبەندی لەسەر یەك هێڵی موگناتیسی خاڵەکاندا جێگیر نەبونە، لەکاتی کردنەوەی پرۆگرامەکەتدا هەست بەوە دەکەی کە زۆر بە خاوی دەکرێتەوەو ناتوانی بەئاسانی بیکەیەوە، بۆ ئەوەی هەموو بابەتەکانی پرۆگرامەکانت لەسەر یەك هێڵی موگناتیسی هاوبەشبن کۆیان بکەیەوە، ئەوا لە سیستەمدا بەشێکی رێکخەر هەیە بە ناوی Defrag، کەهەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی هەموو فایلەکان لەسەر ناوچەی هێڵێکی موگناتیسی هاوبەش، بۆئەوەیDefragmenter لەکردنەوەی پرۆگرامەکەدا کەمترین کات ئامادە ببێت، ئێستا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا ئەو فایلانەی کە ڕەشیان دەکەیەوە لەسەر هارد دیسکەکەت دەمێنن یاخود نامێنن؟

ئەو ریزبەندیە بایتانەی کە پێك هاتون لە باگراوندی کارەبا کە کۆکراوەی هەموو فایلێك پێکدەهێنن، ناسرێنەوە بەڵکو زانیاری تایبەتی ناو فایلەکان ڕەش دەبنەوە، لەسەر Directory Track! واتا ریزبەندی ئەو برە کارەبایەی کە دەگەرێتەوە بۆ(٠) لەوکاتەدا Directory Track سەرقاڵ دەکاتو ئامادە دەبێت بۆ پێکهێنانی فایلێکی دی بۆ دەست پێکردن، لەو کاتەدا فایلە تازەکان لەسەر هارد دیسکەکە دەنوسرێنەوە لەسەر شوێنی فایلە کۆنەکان

تێبینی/ پێشتر ئەم بابەتە لە ماڵپەری کودیش وێب بلاو بۆتەوە

چۆنیەتی دەست کەوتنی سریاڵ یاخود کراك

ئا: ئاودێر جەمال

وەك لای هەموومان ئاشکرایە زۆر کات نازانین کار لەسەر پرۆگرامێك بکەین کە ئەکتیف نەبێت، بۆیە لەم بابەتەماندا بەباشم زانی پرۆگرامێکتان پێ ئاشنا بکەم کە زۆر سودی هەیە بۆ بەدەست هێنانی (سریاڵ & کراك) بۆ ئەو مەبەستە پرۆگرام زۆرە کە بتوانێت ئەم کارەت بۆ ئەنجام بدات، بەڵام یەکێك لە هەموو پرۆگرامە باشەکانی بەدەست هێنانی (کراك & سریاڵ) پرۆگرامی (Craagle)ە کە دەتوانی بە شێوازێکی ئاسان ئەوەی مەبەستە بەدەستی بهێنی و ئەکتیفی بکەی

چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەم پرۆگرامە، کاتێك پرۆگرامەکە دەکەیەوە چەند ئاماژەیەکت دێتە بەرچاو، سەرەتا دەبینی نوسراوە بەمانای گەڕان تۆ بۆ نمونە بنوسە (Nero) کە پرۆگرامێکە بۆ کۆپی کردنی سیدی یاخود ئەو ئەرشیفانەی کە لە ناو کۆمپیوتەرەکەت هەتە بیخەیتە سەر سیدی، کاتێك ناوی پرۆگرامی مەبەستت نوسی تۆ کلیك لەسەر (Cracks) یاخود (Serials) دەکەی پاشان لە هەنگاوی گەڕاندا کلیك لەسەر (Search) دەکەی چاوەڕوانبە تا کۆمەڵێك کراك یاخود سریاڵ بۆ دەدۆزێتەوە، ئەو ڤێرنیشنەی کە تۆ لەکۆمپیوتەرەکەتدا سێتەپت کردوە تۆ کلیکی راست لەسەر ئەویان دەکەی پاشان داونلۆد هەڵدەبژێری و لەبەشێك لە بەشەکانی کۆمپیوتەرەکەت هەڵی دەگریت، بەڵام چ کاتێك دەتوانی ئەم هەنگاوانەی کە لەسەرەوە ڕونم کردۆتەوە ئەنجامیان بدەی کە خەتی ئینتەرنێتت هەبێت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت .

لێدوان Ledwan

خاوەنی ئیمتیاز
ئەمیر حسین رەحیم

سەرنوسەر
خالید قادر محمد

ڕاوێژکاری گشتی
سدیق عەلی

بەرێوبەری هونەری
بەرهەم دڵشاد
مەڵبەند غازی

ناونیشان: رانیە -شەقامی گشتی- تەنیشت یانەی فەرمانبەران
ژ.ت: ئاسیا ٠٧٧٠١٥٥٣٠٤٤ سانا: ٠٧٣٠١١٦٣٥٥٩
ئیمەیڵ: khaledqader@yahoo.com